# تەقەكردن لەخۆپیشاندانی خەڵك لە سلێمانی و سەماوە
# بەندێكی ( دەستوری نەنوسراوی !) تاڵەبانی و باقر حەكیمە

ڕۆژەكانی ٥ و ٦ ی ئەم مانگە هێزەكانی باقرحەكیم و تاڵەبانی لە شاری سەماوە و سلێمانی بە فیشەك وەڵامی خۆپیشاندانی خەڵكیان دایەوە. خەڵكی شاری سەماوە لەدەست هەژاری و بێكاری و نەبونی خزمەتگوزاریە كۆمەڵایەتیەكان و گەندەڵی ئیداری بەدەنگ هاتبوون و ڕژابوونە سەرجادەكان ، خەڵكی شاری سلێمانیش بۆ پشتیوانی لە خەبات و هاتنە مەیدانی خەڵكی ئازادیخوازی شارەكانی كوردستانی ئێران لەدژی وەحشیگەری و كۆنەپەرستی جمهوری ئیسلامی هاتبوونە مەیدان . خەڵكی سەماوە و سلێمانی بۆ باشتركردنی ژیان و گوزەران و بەرگری لە ئازادی و ئینسانیەت هاتبوونە مەیدان. وەڵامی ئیسلامی سیاسی شیعە و ناسیۆنالیزمی كورد بە نارەزایەتی و خواستی ئەم خەڵكە ( شیعە مەزهەب ) و ( كورد زمان ) ەی ڕۆژانە بە ناویانەوە قسەدەكەن وخۆیان كردووە بە وەكیل و نوێنەریان تەقەكردن و سەركوت بوو، كوشتن و بریندارکردن و ڕاونان بوو.

ئەم دوو ڕووداوە لە كاتێكدایە كە ئەم هێزانە بێ شەرمانە بەناوی كورد و شیعەو عەرەبەوە لەگەرمەی سات و سەوداو كێشە و ململانێدان لەسەر شەرعیەتدان بە دابەشكردنی دەسەڵات و سامان و داهاتی عێراق لەدەستوردا و خواست داواكاریەكانی خۆیان بە قیمەتی خواست و داواكاری خەڵكی شیعە مەزهەب و كورد و عەرەب زمان دەقەبڵێنن. لەولاشەوە دەم و دەستی جەماوەری ناڕازی ( شیعە مەزهەب و كورد و عەرەب زمان) یان بەستووە هێزەكانیان بە فیشەك وەڵام بە خواست و داواكاریەكانی خەڵك دەدەنەوە و مافی دەربڕینی نارەزایەتی و مانگرتن و خۆپیشاندانیان لێ زەوت دەكەن و بەزۆری چەك و سەركوت و دەسەڵاتی خۆیان بەسەر خەڵكەوە ڕاگرتووە.

سیناریۆیەكی چەندە ڕیسواو ڕەزیلانەیە ئەوانەی بە ناسنامەی تەزویری ( كورد، شیعە، سوننە، عەرەب ) وە سیاسەت دەكەن و هەریەكەیان خۆیان كردووە بە ساحێب و نوێنەری بەشێك لەخەڵكی ئەم ووڵاتە و بازاڕی سیاسەتی خۆیان گەرم كردووە و لەسەر دابەشكردنی دەسەڵات و سامان و داهاتی ئەم ووڵاتەش كێشە و بەرابەركێی قەومی و دینی و تائفیان بۆ خەڵك خوڵقاندووە، خۆشیان پێش هەر هێزێكی تر، پێش دامەزراندنی هەر دەوڵەتێكی تر لەعێراقدا دەنگ و ئازادی خەڵكی ناڕازی و ئازادیخوازی عێراق و كوردستان سەركوت دەكەن.

ئەم هێزانە بەكردەوە و لەسەر شەقامەكان و بە بەرچاوی كۆمەڵگاوە سەلماندوویانە كە نەك هێزی دژی ئازادین بەڵكو تەنانەت بڵقێك هەناسەی دیموكراتی لەسینەیاندا نەبووە و نی یە، ئەمانە ڕەوشت و سوونەتیان ئەوەیە تەقە لە خۆپیشاندانەكانی خەڵكی ناڕازی بكەن و ئامادە نین گوێ لەدەنگی خەڵك بگرن. هاوكات خۆیاشیان بەم ناوەرۆكە كۆنەپەرست و نا دیموكراتیەیانەوە بەدەست یەكترەوە گیریان خواردووە و كەسیان باوەڕیان بە قسەی ئەمڕۆی ئەوی تریان نی یە و بە مەنتقی هێز و تەوازونی هێز لەگەڵ یەكتر مامەڵە دەكەن، كۆمەڵگای عێراقیان هێندەی تر بەرەو وەزعیەتێكی نادیار و تاریك بردووە و دەیانەوێ كەسیش نەڵێت نا ، كەس نەڵێت نائەمنی و نائارامی بەسە، بێكاری بەسە ، بێ ئاوی بێ كارەبایی بەسە ،گرانی و هەژاری بەسە، فەوزاو سەرگەردانی بەسە، دزینی داهات و پولی ئەم ووڵاتە بەسە، كۆنەپەرستی و بەرگری لە ئیسلام و جمهوری ئیسلامی و دەست و پێوەندەكانی بەسە...هتد.

خۆپیشاندەكانی ئەم دواییەی شارەكانی سەماوە و سلێمانی ئەوەی نیشاندا كەخەڵكی ناڕازی و ئازادیخوازی عێراق و كوردستان بە پێچەوانەی ئەو هێزە ناسیۆنالیست و ئیسلامیانەوە نەك هیچ كێشە و ململانێیەكیان لە نێواندا نیە بەڵكو بە ناسنامەی ئینسانی و ئازادیخوازی خۆیانەوە شەریكی خەبات و نارەزایەتی یەكترن لە پێناو ژیانێكی شایستەی ئینسان و بەرگری لە ئازادی و ئینسانیەتدا، ناسیۆنالیستەكانی كوردستان و ئیسلامیەكانیش دوژمنی سەرسەختی ئەم خەبات و خواستە ئینسانیانەی خەڵكی كوردستان و عێراقن، تەحەمولی كەمترین دەنگی نارەزایەتی و سادەترین ماف و ئازادی

سیاسی خەڵك ناکەن و دەمارەکانیان گرژ دەبیّ و سەری شۆڕی لوولەی تفەنگەکانیان لەبەرامبەر دەنگ و خواستی خەڵکدا بەرزدەبێتەوە. بەڵام ئەم هێزانە زۆر لەوە لەخوارترن کە بەرگەی هاتنە مەیدانی یەکگرتووانەی جەماوەری خەڵك بگرن . جەماوەری ڕێکخراوو یەکگرتووی کوردستان و شارەکانی تری عێراق دەتوانیّ خواست و داواکاریەکانی خۆیان بەسەر ئەم هێزانەدا بسەپێنێت و هەربەو چەکانەی ئەمڕۆ ئەوان لوولەکانیان لەبەرامبەر خەڵکدا ڕاگرتووە  کۆتایی بە دەسەڵاتی سەرکوتگەرانە و میلیشیایی ئەم هێزو حزبانە بهێنێت.

سامان احمد
2005 /8/8